شەرع دان بە بەشکی زێری ماف و داواکارییەکانی کوردی سووریا دەنێت

سەرکۆماری سووریا فەرمانی ژمارە 13ـی ساڵی 2026 ـی دەرکرد، تێیدا دان بە بەشکی زێری ماف و داواکارییەکانی کوردی سووریا دەنێت لەوانەش؛ خوێندن بە کوردی و بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی و جێژنی نەورۆز.

ئاوەنێ: سەرکایەتیی کۆماری سووریا ڕایگەیاند: مەرسوومەکی تایبەت بە پێکهاتەی کورد لە سووریا دەکرد کە لە چەند ماددەیەک پێکهاتووە، بەپشتبەستن بە بڕگەکانی جاڕنامەی دەستوور و بڕیاری مەرجەکانی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی هاوکات لەسەر ٣١ و بەرپرسیارێتی دەوڵەت لە پێشخستنی یەکێتی نیشتمانی و دامەزراندنی مافە کولتووری و مەدەنییەکانی هەموو هاووڵاتیانی سووریا.

مەرسوومەکە پێکهاتووە لەم ماددانە:

یەکەم: هاووڵاتیانی کوردی سووریا بەشکی سەرکی و دانەبڕاون لە گەلی سووریا و شوناسی کولتووری و زمانەوانییان بەشکی دانەبڕاون لە شوناسی نەتەوەیی یەکگرتوو و هەمەچەشنی سووریا.

دووەم: دەوڵەت پابەندە بە پاراستنی فرەچەشنی کولتووری و زمانەوانی هاووڵاتیانی کورد بە زیندووکردنەوەی کەلەپوور و هونەرکانیا و پەرەپێدانی زمانی دایکیان لە چوارچێوەی سەروەری نەتەوەیی دەستبەردەکات.

سێیەم: زمانی کوردی زمانێکی نیشتمانییە و ڕێگە پێدراوە خوێندن لە قوتابخانە حکومی و تایبەتەکان لەو ناوچانەی کورد ڕێژەیەکی بەرچاوی دانیشتوان پێکدەهێنێت بە زمانی کوردی بێت وەکو بەشێک لە پڕۆگرامی ئارەزوومەندانە یان وەک چالاکیەکی فەرهەنگی و پەروەردەیی بخوێنرێت.

چوارەم: کارکردن بە هەموو یاسا و ڕێوشوێنە تایبەتەکان کە لە ئەنجامی سەرژمێری ساڵی 1962 لە پارێزگای حەسەکە هەڵدەوەشێنەوە. ڕێگەزنامەی سووری بە هەموو ئەو هاووڵاتیانەی بە ڕەچەڵەک کوردن و نیشتەجێی سووریان، لەوانەش کە لەدایکبوونیان تەمار نەکراوە، بە یەکسانییەکی تەواو لە مافەکاندا.

پێنجەم: جەژنی نەورۆز (21ی ئاداری هەموو ساڵێک) پشووی فەرمییە لە سەرانسەری کەماری عەرەبی سووریا، وەک جەژنێکی نیشتمانی کە هەمای بەهار و براییەتییە.

شەشەم: دەبێت میدیای دەوڵەت و دامەزراوە پەروەردەییەکان پابەندن بە گرتنەبەری گوتارێکی نەتەوەیی گشتگیر، بەپێی یاسا هەر جۆرە جیاکارییەک یان دوورخستنەوەیەک لەسەر بنەمای نەتەوە یان زمان قەدەغەیە و هەرکەسێک هانی ناکۆکی نەتەوەیی بدات بەپێی یاسا کارپێکراوەکان سزا دەدرێت.

حەوتەم: وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرپرسن لە دەرکردنی ڕێنمایی جێبەجێکاریی پەویستەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم مەرسوومە، هەر لایەنەو بەپێی تایبەتمەندی خۆی.

هەشتەم: ئەم مەرسوومە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا باوەدکرێتەوە و لە ڕێککەوتی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت.

ئەوەی پەویستە بیزانیت: لەسەروبەندی واژۆکردنی مەرسوومەکە، شارع لە پێیامێکی کورتی ڤیدیۆیدا کوردی بە نەوەی سەلاحەددین ناوبرد و هەشداریدا باوڕ بەو دەنگیانە نەکەن کە بانگەشەی ئەوە دەکەن حکومەتی سووریا خراپەی کوردی دەوێت و ڕایگەیاند: هەر کەسێک ئازارتان بدات دوژمنی ئێمەیە تا ڕۆژی دوایی. ناوبراو داوای کرد کە کوردێک کچێی بە زۆرەملێ و ناچاری کچێی دەرەوەی کردووە بگەڕێتەوە

سووریا هاوکات داوایکرد بەشداربن لە بونیادنانی وەتەکە.